www.kurdistannet.org
8-2-2006 21:16بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# دیپلۆماسیەتی حكومەتی كوردستان (لەپەراوێزی درووستبوونی وەزارەتی كاروباری دەرەوەی حكومەتی كوردستاندا) ... خەسرەو پیربال

The Diplomacy of Kurdistan Government

پێشینەیەكی مێژوویی بۆ پەیوەندیەكان:

پاش جەنگی جیهانی یەكەم، لەبەر ئەوەی میللەتی كورد بە درێژایی مێژووی خەباتی خۆیان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان، حكومەتە یەك لەدووا یەكەكانی ئەو ولاتانەی كە كوردستانیان بەسەردا دابەشبووە، بەهیچ شێوەیەك نەیانوویستووە چارەسەرێكی گوونجاو بۆ كێشەی میللەتەكەمان بدۆزنەوە، لەهەمتان كاتیشدا نەیان هێشتووە و رێگایان نەداوە نوێنەرانی شۆرش و كەسایەتیە سیاسیە نەتەوەیەكانمان بچنە دەرەوەی ولات و پەیوەندی دروووست بكەن لەگەڵ ولاتانی بێگانە، لەبەر ئەوە هەر لە هەوڵەكانی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی، كە لەسەدەی بیستەمە دەستیپێكردووە، ، سەركرایەتی كورد بە رێگای جیاجیاوە، لە هەوڵی ئەوەدا بووینە پەیوەندی دۆستایەتی و هاوكاری دروووست بكەن لەگەڵ میللەت و حوكمەتەكانی دونیا، لەزۆر لەو پەیوەندیانەش تەنها بەرژەوەندی میللەت و كێشەی میللەتی كوردستان وەكوو مەبەستێكی سەرەكی هاتۆتە پێشەوە و پاشانیش و درێژەدانی ئەو پەیوەندیانە ووردە ووردە، بەشێوازێكی تر بە رێگای چەند خوێنكار و رۆشنبیرانی كورد و چەند بنەماڵەیەكی ناودار وەكوو بنەماڵەی رێزداری بەدرخانیەكانەوە، ئەو پەیوەندیانە پەرەی سەندووە، توانرا بەرێگای دەركردنی بڵاوكراوە و كتێب، ئەورووپاییەكان ئاشنابن بە كێشەی میللەتی كوردستان و ووردەكاریەكانی ئەو گیروگرفتە سیاسیە كۆنەی میللەت كوردستان.

قۆناغێكی تری مێژووی، پاش داگیرسانی شۆرشی ئەیلوول دەستپێدەكات و ئەوكاتەی شۆرش چەندین كەسایەتی لێهاتوو ناردە دەرەوە، وە لەلایان بارزانی نەمر و ئیدریسی خوالێخۆشبوو، هاوكاری ماددی و لۆجیستی كراون، بۆئەوەی وەكوو قوتابیەك و سیاسەتمەدارێك بچنە دەرەوەی كوردستان و كار بۆ ناساندنی كێشەی كورد بكەن و پەیوەندی لەگەڵ ئەو ولات و فەرهەنگانەدا ببەستن و لەهەمان كاتیشدا، بخۆێنن و بەڵگەنامەی گەورە وەدەستبهێنن و پاشان بگەرێنەوە ولات وخزمەتی ولاتی خۆیان بكەن.

قۆناغێكی تری پەیوەندیەكانی كورد بە جیهانی دەرەوە، بەهۆی و لە ئەنجامی ئەو كۆرەوە ملیۆنیە بوو كە ساڵی ١٩٩١، لەترسی هەرەشەكانی رژێمی دیكتاتۆریدا بەرەو چیاكانی باكووری ولات دەستی پێكرد، پاش ئەوەی لەبەرچاوی هەموو كامیرای میدیاكانەوە، زیاتر لە میلیۆنێك و نیو خەڵكی سیڤیل بەسەر ئەو چیایانەوە لە باروودۆخێكی نادرووست دا شەریان لەگەڵ مەرگدا دەكرد، بەهەوڵی سەرۆكی فەرەنسا، (فرانسوا میتیران و هاوسەرەكەی)، توانرا پرۆژەی درووستكردنی ناوچەیەكی دژە- فرین (Non Fly Zone دابمەزرێت، بۆ یەكەمین جارە لەچارچێوەیەكی یاساییدا توانرا میللەتی كورد بپارێزرێت لەهەرەشەی حكومەتی بەغدا، بە گوێرەی ئەو پرۆژەیە توانرا، دووبارە خەڵكی شار و ناوچەكانی كوردستانی باشوور، بگەرێنەوە شوێنی خۆیان و لەلایان چەند رێكخراوەیەكی ناحكومی و مرۆییەوە هاوكاری ماددی و لۆجیستیكی كران و هەتا ئاستێكی باشیش

یارمەتیەکان بۆ هەموو ئەو هێزو حیزب و تەشکیلاتانەبوو کە کورد وەکوو میللەتێك ئەوانیان بە نوێنەر دەزانی، لە پێشەوەی هەمووشیانەوە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکییەتی نیشتیمانی کوردستانن، هەروەها ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیانە بوون، لەگەڵ دۆست لایانگیرانمان لە ئەوڕوپا و لە ئەمریکادا، یارمەتی سەرکردایەتی کوردیان داوە لە درووستکردنی یەکەمین کابینەی حکومەتی کوردستان و لەگەڵ ئێمەدا بوون لە دامەزرانی پەرلەمانی کوردستان، وەکوو پاڵپشتێکی لۆجیستی گەورە وابوون لە پرۆسەی بە دیموکراسیکردنی کۆمەڵگای کوردستانیدا.
دیارە بوون و گوزەرانی کورەکان لە دەرەوەی وڵات، بە شێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارە ڕامیاریەکان و وەکوو پەناهەندەیەك لەو وڵاتانەدا گوزەرانیان کردووە، وە بنچینەی داواکردنی مۆڵەتی مانەوەیان لە بنەمایەکی سیاسیی بووە و زۆر لەوڵاتانی دونیا مافی پەنابەرییەتیان بە کوردەکان داوە، ئەمڕۆکە زیاتر لە ٢ ملیۆن پەناهەندەی کوردی هەرچوار پارچەکەی وڵات لە ئەوڕوپا و ئەمریکا و وڵاتانی تردا دەژین.
هەندێکیان پاش دامەزرانیان لەو وڵاتانە، پەیوەندیانە هێشتۆتەوە لەگەڵ وڵات و ڕێکخراوە و پارتە سیاسیەکاندا، وە لەسەرووەی هەمووشیانەوە، (پارتی و یەکێتی)، لەبەر ئەوەبووە، ووردە ووردە، تاوەکوو پێش ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە کوردستانەوە بڕیاری کردنەوەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بدات لەچەند وڵاتێکدا، پارتی و یەکیێتی، چەندین نوێنەرایەتی خۆیان هەبووە و تاوەکوو ئێستاش ماون، کاری دیبلۆماسییان ئەنجامداوە، دیارە لێرەشدا، وەکوو واجبێکی ئەخلاقی گەورە دەبێت سوپاسی زۆر لەو کادیرە پێشکەوتوانە بکرێت، کە ڕۆڵیان هەبووە لە ناساندن و بەرەو پێشەوەبردنی کێشەی میللەتی کوردستان وناسنامەی فەرهەنگی و سیاسی وڵات لە دەرەوە، زۆر کاریان کردووە بۆ دروووستکردنی پەیوەندی بەسوود لەگەڵ کەسایەتی و بنکە و حکومەت و هێزە سیاسیەکانی ئەو وڵاتانەی کە تێیدا دەژین. هەر ئەو وڵاتانەشن ئێستاکە دەبێت بەچاوی ڕێزو ستایشەوە بەردەوام بین لەگەڵیان و پەوەندیەکانی خۆمان لەگەڵ باشترو توونددتر بکەین.
قۆناغێکی نوی لە بەڕەسمیبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان:
ناسینی حکومەتی کوردستان و سەرۆکی کوردستان وەکوو نوێنەریفەرمی وڵات لەناوەو و لەدەرەوەی عیراقدا:
پاش ئازادبوونی عیراق و ئەو گوڕانکاریە بنچینەییەی کە لەناوچەکەدا هاتە ئاراوە، پاش ئەوی لە دەستووری نویی عیراقی فیدالیدا، بە ئاشکرا و لە برگەیەکی ڕووندا، داننراوە بە سنوور و بوونی هەریمی کوردستان و بە ڕەسمی ناسینی حکومەتی کوردستان و داموودەزگا یاساییەکەی و و پەرلەمانی کوردستان، هەروەهاش، پاش ئەوەی بە گوێرەی ڕێکککەوتنێکی تێروتەسەل، لە بۆنەیەك و بەرنامەیەکی شایستە، سەرۆك بۆ کوردستان دەستنیشان کرا، بوون و زیندوویی داموودەزگاکانی حکومەتی کوردستان، وەکوو واقیعێکی بەهێز کەوتە ناو دەستوور و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانەوە، بە بەشداری ڕاستەخۆی ئیدارەی ئەمریکا و زۆر لە ناوەند و حکومەتەکانی ئەوڕوپا، ستاتوی حکومەت و سەرۆك وەزیران و سەرۆکی هەرێم لەناو یاسادا بە فەرمی ناسران،
دەتوانین ڕۆژی سوێندخوارنی سەرۆك مەسعوود بارزانی وەکوو سەرۆکی کوردستان و وەکوو ڕەقیبێك بەسەر داموودەزگا یاساییەکانی هەرێم و حکومەتدا، ئەو ڕۆژە بە قۆناغێکی نویو خاڵێکی وەچەرخانی گەورەو لە مێژووی خەباتی دیبلۆماسیەتی کوردستانی بناسرێت.

ئێستاکە پاش پڕۆسەی یکگرتنەوەی ئیدارەکان، پەرلەمان بڕیاڕی دروستکردنی حکومەتێکی یەکگرتوو دەدات و بڕیار و دەنگی حکومەتی کوردستان بەهێزتر و کاریگەرتر دەبێت، وە پێشنیارکردنی وەزارەتێکی نوی لە کابینەی پێنجەمدا بۆکارو باری دەرەوە و پەیوەندی کردن بە نوێنەرایەتی حکومەت لەدەرەوەدا، قۆناغێکی نوییە لە دیبلۆماسیەتی کورد، حکومەتە نیشتیمانیەکەیدا.

دیارە لێرەدا، یەکێك لەو ئاستەنگانەی ئەمڕۆکە لە مەسەلەی نوێنەرایەتیەکاندا، ئەوەیە کە تاوەکوو ئێستا نوێنەرایەتی حیزب هەبوونە، بێشك ئەوانیش وەکوو ڕێکخراوەیەکی دیبلۆماسی تاوەکوو ئاستێکی باش کاری باشیان کردووە، زۆر پەیوەندی توند و تۆڵییان دروست کردوە، زۆر لەو پەیوەندیانە، تاوەکوو ئێستاش هەر بەردەوامن و زۆر سوودیان هەبووە لە ئاستی کوردستان و بگرە بۆ عیراقی فیدراڵیشدا، لێرەشدا ناکرێت رۆڵی چەندین لە کادیر و کەسایەتیانە لەبیربکرێن کە لە دەرەوە کاری سیاسی و دیبلۆماسیان ئەنجام داوە هەمووشیان لە چوارچێوەی ڕێکخراوەی حیزبیدا و وەکوو نوێنەرەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی پارتی و یەکیەتیدا کاریان کردوە.

دیارە هەر هێزێکی سیاسی کوردستانی، هەتا ئاستێك، هەر حیزبێك بە گوێرەی مێژوو و پەیوەندیەکانی خۆیان و هێز و لێهاتوویی خۆیان، لە ئەوروپا و لە گەلێك لەو وڵاتانەی کە ماوەیەك، کۆمەڵگەلێکی زۆری پەناهەندەی کوردی تێدا ژیاوە، نوێنەرایەتی ئەو حیزب و کەسایەتیە سیاسی و فەرهەنگیەکانی بە شێوەیەکی گشتی و بەتایبەتی نوێنەرایەتی حیزبە کوردستانیەکان، توانیویانە زۆر پەیوەندی و دۆستایەتی بەهێزو و بەسوود دروست بکەن، لە زۆر بۆنە و کاری هاوبەشدا، وە بەتایبەتی بۆ پرسە گرینگ و نەتەوییەکاندا، پێکەوە و بەهەماهەنگی لەنێوان ئەو حیزبە کوردستانیانەدا زۆر کاریان ئەنجامداوە، بەڵام وەکوو گریفتێکی هەمیشەیی کاری دیبلۆماسیدا، گەلێك جار بە ڕێچکە و شێوازی جیاجیا و لێکدابڕاوەوە، هەر حیزبێك کار و پەیوەندیەکانی دەرەوەیان ئەنجامداوە، ئەزموونەکان زۆرن، لەوانەیە لەو نووسینەماندا بووار نەبێت باس لە ووردەکاریەکانی ئەو مێژووە درێژەی کاری پەیوەندیەکان بکەین، بەڵام، نەبوونی شێواز و ئالیەتی هاوبەش و تەنیسق و هەماهەنگی لە نێوان نوێنەرایەتی پارتی و یەکییەتی و هەروەهاش سەرجەم هێزە سیاسیەکانی تر لە دەرەوە، تاوەکوو پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن، بە یەکێك لە گریفتە سەرەکیەکانی ڕۆڵ و دەوری کاری دیبلۆماسی کوردەکان بووە، بۆ نموونە، پاش شەڕی ناوەخۆ، لە تەك نوێنەرایەتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ئەوروپا، نوێنەرایەتی و کەسایەتی تریش هەبیبوون، ئەوانیش خۆیان بە نوێنەری حکومەت زانیوە، !! واتە لە وڵاتێکدا، دوو نوێنەر هەبووە، !!لێرەدا، دوو زمان و دوو شێوازی خۆناساندنی جیاواز دروست بووینە، ئەوەش وا دەکات، هێزو و قوورسایی و سەنگی دیبلۆماسیەتی کوردستان بێهێز بکات.

بەڵام خۆشبەختانە پاش پڕۆسەی یەکگرتنەوە، دەبێت چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەم مەکتەبانە بدۆزرێنەوە.

دیارە ئەو مێژووە درێژە و بوونی کوردەکان لە ئەوروپا زور پەیوەندی هاوبەش دروستبووینە، وە زۆر لەو پەیوەندیانەی کە وەکوو کەسایەتی حیزبی و لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی حیزبی دروست ببوون، بەڵام ئەمرۆکە لە چوارچێوەی وەزارەتی دەرەوەی عیراق و سەرۆکایەتی حکومەت و دیوانی سەرۆك هەرێم بەکار دەهێنرێن و سوودیان لێوەردەگیرێت،

ئێستا لە دەستووری عیراقی فیدراڵیدا، دانرراوە بە حكومەتی هەرێمی كوردستان و سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان، بەگوێرەی ئەو دەستوورەی دانراوە، هەرێمە جیاجیاكانی عیراق بۆیان هەیە، وەزارەتی كاروباری دەرەوەیان هەبێت، كار و بەرنامەی ئەو وەزارەتەش:

-توند و تۆڵكردنی پەیوەندی فەرهەنگی و ئیداری و فەرمیەكانی هەر هاوڵاتیەكی كورد، كە ساڵانێكە وەكوو پەناهەندە لە ولاتانی جیاجیاتی دونیادا دەژین.

-زیندو ڕاگرتنی و ناساندی فەرهەنگ و مێژوو و كولتووری كوردستانی لە دەرەوەی وڵات.

-یارمەتی دانی ئەو كۆمپانیا و ئەو وڵاتانەی كە دەیانەوێت بێنە عیراق بەگشتی و كوردستان بەتایبەتی بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی وڵات و بەستانی گرێبەندی و كاركردن و دووبارە بنیاتنانەوەی كوردستان.

دیارە تاوەكوو ئێستا، هیچ وڵاتێك ئامادەنەبوو، ڕاستەخۆ كار و پەیوەندیەكانی خۆیان لەگەڵ كوردستاندا بكەن، بەڵام ئەركی نوێنەرایەتی حكومەتی هەرێم و لێرەش لەو وەزارەتەی كاروباری دەرەوە، جەخت لەسەر بەستان و پەیوەندی كردنی ڕاستەوخۆی ئەو وڵاتانەی دەرەوە بكەن لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستاندا.

دیارە وەكوو نمونەیەكیش، ئامازە بەهەوڵ و ئەو بەرنامە تێروتەسەلەی نوێنەری حكومەتی هەرێمی كوردستان بكەین لەگەڵ ڕێكخراوەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان - زۆر كار و بەرنامە داڕێژرلوە كە هەوڵ بدرێت، هەموو وڵاتانی بیانی، ڕاستەخۆ پەیوەندی بە حكومەتی هەرێمی كوردستان بكەن، وە بەرێگای ئەو ئۆفیسانەی كە لە باڵیۆزخانەی دەوڵەتی عیراقی فیدراڵیدا، نوێنەرایەتی كوردستان دەكەن.

ئەو ئۆفیسانەی كە تایبەت دەبن بە بەڕێوەبردنی كاروباری حكومەتی كوردستان، بەهەماتهەنگی و تەواوكەری كاری دیبلۆماسی لەگەڵ باڵیۆزخانەی دەوڵەت، خزمەتی بزاڤی دیبلۆماسی و كاری فەرهەنگی و بارزرگانی دەكەن.

بەرنامەی ئێستای كاری دیبلۆماسی حكومەتی كوردستان:

ئەمڕۆكە كورد و كوردستان، بە قۆناغێكی گرینگی نوی تێپەڕ دەبن، ئەوەی تاوەكوو ئێستا كاری بۆكراوە لەئاستی حیزبە سیاسیەكانی كوردستان، دەبێت دووبارە بەخۆداچوونەنەوەی گەورەی تێدا ئەنجام بدرێت، وە بۆ ئەمەش خاڵی هەرە گرینگ، خۆی لەوە دەبینێتەوە، كە هەموو هێزە سیاسیەكانی ناو حكومەت و پەرلەمانی كوردستان '، كار بۆ بەهێزكردن و درووستكردنی سیاسەتێكی پتەو و باوەڕپێكراوی درووست بكەن، كار بكرێت بۆلاوازكردنی نوێنەرایەتی و پەیوەندیەكانی حیزبی، لەهەمان كاتدا كار بۆ بەهێزكردن و ناساندنی دیلۆماسیەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان بكرێت، لەناوە و لەدەرەوی وڵات، ئەو مەكتەبانەی كە نوێنەرایەتی حكومەت دەكەن، تەنها لایان بن كاری دیلۆماسی بكەن و وە لەناوەش، واتە ئەو وەزاۆرەتەی كاروباری دەرەوە دادەڕێژێت، دەبێت بە شێوازێكی پرۆفیشیۆناڵ كاری دیلۆملسی خۆیان بكەن، دیارە لێرەدا، لەدووئاستی جیاجیادا دەبێت كار و پەیوەندیەكانی كوردستانی بەهێز بكرێت:

لە ئاستی بیانی (دەرەوی عیراق)، وە هەروەها لەسەرئاستی عیراقیدا (نوێنەرایەتیمان لە بەغدا)، بۆ هەر یەكێك لەو بوارە دەبێت خەڵكی لێوەشاوە و تایبەت دەستنیشان بكرێن، بگوونجێن لەگەڵ پێشكەوتنی تەكنەلۆژی و ئامرازەكان و ئالیەتی پەیوەندی كردن لە

كۆمەڵگاكانیت پێشكەتوو، لێرەشدا دەبێت گرینگی بە لێهاتوویی و وزمانزانی و لێوەشاوەیی ئەو كەسایەتیانە بدرێت.
زۆرگرینگە كە ڕوون بێت، لەوانەیە ئەو كەسایەتی و لایانە بەڕیزانەی كە تاوەكوو ئێستا كاری پەیوەندیەكانی حیزبیان كردووە، مەرج نیە بشێن بۆ نوێنەرایەتیانی عیراق و كوردستان و بۆ كاری دیبلۆماسی مۆدێرن بشێن، بێگومان ئەوانەی تاوەكوو ئێستا ئەو كارەیان دەكرد، بۆ قۆناغێكی مێژووی دیاریكراوو بووە، بەڵام قۆناغی ئێستای كاری دیبلۆماسی، كارمەند و كەسایەتی لێهاتوو و پسپۆڕی گەرەكە.
بەشێوەیەكی گشتی، دەبێت ئەرك و بەرنامەی هەموو ڕێكخراوە فەرمیەكانی حكومەت، وە بەتایبەتی مەكتەبی پەیوەندیەكلانی دەرەوەی هێزە كوردستانیەكان، كار بۆ بەهێزكردنی دیبلۆماسیەتی حكومەتی كوردستان بكەن، هێندەی دەكرێت ڕۆڵ و بەرنامەی پەیوەندیە دەرەكیەكانی حیزب و ڕێكخراوەكانی خۆیان كەمتر بكەنەوە، بۆ خزمەتكردن و بەهێزكردنی كاری دیپلۆمالسی حكومەت و نوێنەرایەتی هەرێملە دەرەوەدا.
ئێستا وڵات ڕووبەڕووی هەڵمەتێكی گەورەی كۆمپانیا و لایانە بیانیەكان و ڕێكخراوەكانی نەتەوەیەكگرتوەكاندا دەبێتەوە، بۆ مەسەلەی دووبارە بنیاتنانەوەی وڵات و یارمەتیدانی ئابووری وڵات و دووبارەبنیتنانەوەی ژێرخانی ئابوری كوردستان، دەبێت ئەو پەیوەندیەكانی حكومەت بەهێزبكرێن بۆ بەفەرمی ناسینی حكومەتی كوردستان و پتەوكردن و دروستكردنی متمانە لەنێوان هەموو لایانە بیانیەكان و داموودەزگانی حكومەتی كوردستان.
هەروەهاش دیوانی سەرۆكایەتی كوردستان، وەكوو مووسەسەیەكی سیاسی و نێودەوڵەتی، كە لەڕێگای پەرلەمانەوە بە كۆی دەنگەكان، متمانەی داوەتە سەرۆكی كوردستان، وەكوو هێزێك و لایانێكی دەستووری، دەبێت دیپلۆماسیەتێكی بەهێز و لێوەشاوەی هەبێت، لێرەشدا، ئەو سەفەرە سەركەتووەی جەنابی سەرۆك مەسعوود بارزانی بۆ ئەمریكا و چەندین وڵاتانی تر لە ئەوروپا، ئەو ڕووپەلە پڕشنگدارە دەخاتە ڕوو، كە ئەمڕۆكە ئایندەی میللەتی كوردستانی پێوەبەندە، جگە لەواتە سیاسیەكەی، ئەو سەفەرە ئەگەر كاری جیدی بۆ بكرێت، داهات و دەرەونجامی ئابووری و ئیستراتیجی لێدەكەوێتەوە.
لەوانەیە یەكەمین كار و بەرنامەی ئەو سەفەرە سەركەوتووە ئەوبێت كە هەوڵبدرێت، گفتووگۆ لەگەڵ ئەمریكا و لایانە نێودەوڵەتیەكان بكرێت، كە یارمەتی حكومەتی كوردستان بدەن، بۆ ئەوەی لەو دابەشكردنە جوگرافیە - نێودەوڵەتیەی ئێستای عیراقدا كوردستان جیا ڕابگیرێت، لەبەرئەوە تاوەكوو ئێستا، كاتێك كۆمپانیاكان دەیانەوێت بێنە كوردستان، پێشتر لەو وڵاتانەی خۆیان، ڕێنمایی زۆر خراپیان دەكەن، لەوە ئگاداریان دەكەنەوە كە كوردستانیش عیراقە!! واتە مەترسیدارە وكوشتن و ڕفراندنی تێدائەنجامدەدرێت، لە كاتێكدا، ڕاستیەكەی تەواو جیاوازە و كوردستان و میللەتەكەی لە هەموو پارچەكانی تری عیراق هێمنترە.
لێرەدا، لێوەشاوەیی سەرۆك بارزانی و هەروەهاش شاندی یاوەری، هۆكاری پۆزەتیڤ بوون بۆ سەركەوتووی ئەو سەفەرە مێژووییەی، لەبەرئەوە ئاستی پرۆفیشیۆنالیزمی ئەو كارمەندانەی كاریە دیپلۆماسی ئەنجام دەدەن، زۆرجار پێوەری سەركەتوویی و هێزی دیپلۆماسی هەر وڵاتێكە.
ئەمڕۆكە كوردستان، زیاتر لەجاران، وڵاتێكی دەوڵەمەندە، دۆزینەوەی بیرێكی نەوت و بەرنامە ڕێژی بۆ پرۆژەی ئیستراتیجی تریش، بە ڕەسمیناسینی حكومەتی كوردستان و

سەرۆکی هەرێم، هەروەها لەسەرئاستی عیراقدا، زمانی کوردی وەکوو زمانێکی فەرمی هاتۆتە قەبوڵکردن، وە یەکگرتوویی گوتاری سیاسی کوردستانی، یەکرێزی و تەبایی هێزە سیاسیەکان، لەهەمووشی گرینگتر، کۆمەڵگای کوردستان، پتر و باشتر لەهەر میللەتێك وڵاتێکی تری ناوچەکە، عاملێکی پۆزەتیڤن بۆ ئاشتی و پێکەوەژیانی میللەتان لەناوچەکە هەروەهاش لەشەر ـ دژی تیرۆر و تیرۆریستان، هەموو ئەو خاڵانە، کلیلێکی بەهێزن بۆ دروستبونی بارودۆخی نێودەوڵەتی گوونجاو، بۆ دروستبونی دیپلۆماسیەتێکی بەهێز و مۆدێرن لەگەڵ وڵاتانی دونیادا.

پەڕینەوە لە (لۆژیکی قوربانی) - بۆ لۆژیکی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی:

ئەمڕۆکە، لەوانەیە لەئاستی تاکی کوردیش، پرسێکی جیدی بێتە ئاراوە، دەربارەی ستاتووی کورد وەکوو پەناهەندەیەکی سیاسی لەو وڵاتانەی ئەوروپا، دەبێت ئەوە ڕوون بێت بەتایبەتی (کوردەکانی عیراق)، دەبێت ئەلتەرناتیفێکی تر هەڵبژێرن لەوەی خۆیان وەکوو پەناهەندەیەکی سیاسی بناسێنن، چوونکە دونیا و ناوچەکە، بەهۆی پێشکەوتنی ئامرازەکانی پەیوەندی و تەکنەلۆژیاوە، وەکوو گووندێکیان لێهاتووە، هەموولایەك ئاگادارن کە گۆڕانکاری گەورە هاتووتە ئاراوە و حکومەتی کوردستان لەدەستووری عیراقی فیدراڵی بە فەرمی ناسراوە، ئێستا کوردەکان کار بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی کوردستانی دەکەن، ئەوەش پەڕینەوەیەکی واتابەخشە لە لۆژیکی قووربانیەوە بۆ لۆژیکێکی پێشکەوتووی کۆمەڵایەتی.

دیارە بەدرێژایی مێژووی کاری پەیوەندیەکان لەگەڵ لایان وڵاتانی دونیا، ئەم مەوسەلەیە هێندە ئاڵۆزو زەحمەت بووە ' بەتایبەتی لەوکاتانەی کە کوردەکان هێندە پاڵپشتیان نەبووە، لەوانەیە بۆ بینینی کارمەندێك لەوەزارەتی دەروە، پێویستی بەکار و ماندووبوونێکی گەورە بوایە، ئەو پەیوەندیانەش زۆر ئاستەنگی دروستکردوە لەبەرئەوەی ڕژێمی دیکتاتۆری پێشوو، زۆر بەهێزبوو و بەهەموو شێوەیەك ڕێگربووە لە پەیوەندیبەستنی سەرکردایەتی سیاسی کورەکان لەگەڵ وڵاتانی بێگانەدا، بەڵام ئەو مێژووە پڕ جەنجاڵی و ناخۆشیە، وەکوو دەرسێك و بنەمایەکی بەهێزن بۆ داهاتووی پەیوەندیەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی حکومەتی کوردستان، گرینگ ئەوەیە لێرەدا، تواناو ئالیەاتێکی بەهێزمان هەبێت بۆ زیندووڕاگرتن و ئەکتیڤکردنی ئەو پەیوەندیانەمان.

دروستبونی وەزارەتێکی تایبەت بەکاروباری دەرەوەی هەرێمی کوردستان، هەنگاوێکی گوونجاوی ڕاستە لە پرۆسەی بنیاتنانی دیپلۆماسیەتی حکومەتی کوردستان، لێرەشدا، کار و بەرنامەی ئەو وەزارەتە بەڕێگای ئەویشەوە کاری ئەو نوێنەرایەتیانە، تەنها سیاسی نابن، بەڵکوو ئێمەش وەکوو وڵاتانی تری دونیا، کار بۆ پێشەوەبردنی و ناساندنی فەرهەنگ و زمانی کوردی و کوردستان وەکوو وڵاتێك بکەین.

خەسرەو پیربال
Pirbal@hotmail. com